نوخشە ناسیح: یەک هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان بووە بەرهەمەکەی بە پارێزگابوونی هەڵەبجە

پارێزگاری هەڵەبجە ڕاگەیاند: ئەمە ڕۆژێکی مێژوویی بۆ هەڵەبجەییەکان.

دووشەممە، 14ـی نیسانی 2025، نوخشە ناسیح، پارێزگاری هەڵەبجە بە وەکالەت ڕایگەیاند: ئەمە ڕۆژێکی مێژوویی بۆ هەڵەبجەییەکان، سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەین ڕۆڵیان تێدا هەبووە و سوپاسی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکەین.

باسی لەوەش کرد، یەک هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان بووە بەرهەمەکەی بە پارێزگابوونی هەڵەبجە و ئاسوودەبوونی کەس و کاری شەهیدان بوو.

دەشڵێت: هیوادارین لایەنە سیاسییەکان یەک هەڵوێست بن، بە دەست خستنی سەرجەم مافەکانی گەلی کورد.